ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# راگرو سەرۆك بەشانی زانكۆی سەلاحەددین چۆن دادەنرێن؟

**هیوا خدر**

**سەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠٠٤-٢٠٠٥**

ئاستی خوێندن بەتایبت خوێندنی بالا گەشتۆتە حالێك جێگەی داخ و خەفەتە. دەمەوێ لەخوارەوەدا تەنیا چەند نموونەیەك بنووسم لەبارەی چۆنێتی دانانی راگرو سەرۆك بەش لە زانكۆی سەلاحەددین كە تەنیاو تەنیا لایەنی حزبایەتی حیسابە.ئەمانەی خوارەوە ئەو شتانەیە كە زانیومن و مشتێكیش نموونەی خەروارێكە:

لە كۆلێجی كشتوكاڵ ، بەشی خاك و ئاو، مامۆستایەك كراوەتە سەرۆك بەش كە تەنها دوو ساڵە دكتۆرای تەواو كردووەو پلەكەی (مامۆستا-مدرس)ـە لەكاتێكدا چەند دكتۆرێكی كۆن هەن هیچیان نەكراونەتە سەرۆك بەش یەكێك لەوان دكتۆر (تارق حەمە كەریم)ەو مامۆستایەكی كۆنەو پلەكەی (پرۆفیسۆر)ەو بێلایەنە .

لە هەمان كۆلێج ، بەشی بەرهەمی ڕووەكی، مامۆستایەك یەك ساڵە دكتۆرای تەواو كردووەو كراوەتە سورۆك بەش لەكاتێكدا چەند پرۆفیسۆرێك هەن لەو بەشە. جێگری ڕاگری كۆلێجەكەش لە بەشی فیزیای كۆلێجی پەروەردە هێنراوە كە پەیوەندیی بە كشتوكاڵەوە نییە لەبەر ئەوەی حزبییە.

لە كۆلێجی زانست، بەشی كیمیا، پرۆفیسۆرو یاریدەدەری پرۆفیسۆریان هەیە. چەند مانگێكە سەرۆك بەش كە پلەكەی (مامۆستا – مدرس )ـە كراوەتە ڕاگری كۆلێج ئیتر حزبییان نەما بیخەنە جێگەی‌و مامۆستای‌حزبیشیان هەبووە بەلام ئەمان رازی نین و دەڵێن دەبێ ببینە راگر بۆچی ئەو تەلەبەی ئێمە بووە ئێستا بۆتە راگر، لەناو دكتۆرە كۆنەكانیش دكتۆر دلاوەر ، دكتۆر فاروق ..تاد هەن كە زۆر كۆنن و راگری ئێستا تەلەبەی ئەوان بوو. شایەنی باسە ئەو راگرە كاتی راپەرین لە گەڵ حكومەتی عیراق رۆشت و ماوەیەك مایەوە ئینجا گەڕایەوە.

سەرۆكی زانكۆ رۆژێك مامۆستایی نەكردووەو لە هەندەراندا بووەو خەریكی بازرگانی بوو. پلەكەی (مامۆستا - مدرس)ـە. ئەمە بەمەرحێك بڕیاری پەرلەمان دەڵێ كە دەبێ سەرۆكی زانكۆ پرۆفیسۆر بێ، ئەگەر یاریدەدەری پرۆفیسۆریش بێ پێویستە دە ساڵ خزمەتی هەبێ. سەرۆكی زانكۆ سێ چوار مانگە دانراوەو لەو كاتەوە زۆربەی كاتی لە سەفەردا بووە.

٢٠٠٣ مامۆستایەك لە كۆلێجی ئیدارە ماجستێری تەواوكردووەو تازە موناقەشەی كردبوو و پێش دەرچوونی فەرمانی زانكۆیی بۆی پێی وترا بچێت بۆ كۆلێجی مامۆستایان بێتە جێگری راگر.